(دەرسی سی و هەشت)



هەڵاڵە　　　　گوڵاڵە

هەڵاڵە و گوڵاڵە دوو دەستەخوشکی خۆشەویستی یەکترن. ئەوان ئەگەر ڕۆژێک یەکتر نەبینن ، ئارام ناگرن.

هەڵاڵە و گوڵاڵە هاوتەمەن و هاودەرس و دراوسێی یەکن.

هەڵاڵە کچە سنەیی یە و گوڵاڵە کچە مەهابادی، بەڵام ئێستا لە وڵاتی (سوید) دەژین و لە شاری ستۆکهۆڵم دەرس دەخوێنن .

ئەمساڵ ، ساڵی ئاخری خوێندنی جووتەی ئاواڵانە و خۆیان بۆ زانکۆ ئامادە دەکەن.

هەڵاڵە بە نیازە لە بەشی چاو دا دەرس بخوێنێ و ببێتە دوکتۆری چاوان، بەڵام گوڵاڵە حەز بە کۆمپیۆتەر و تەکنیک دەکات و دەیەوێ بە شوێن ئەو بەشە دا بچێت.